

# سێ نەوەی داهێنانی شیعری کوردیی
# خوێندنەوەیەک بۆ قەسیدەی (تۆ مەچۆ بۆ شەڕ)

**غەفور ساڵح عەبدوڵا**

**بەشی دووەم**

لە بەشی یەکەمی ئەم باسە کورتەدا باسی شیعری نوێی کوردیمان کرد لە سەردەمی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابــردوودا، بەتایبەتی دوای راگەیاندنی بەیانی (روانگە) کە لە لایەن: شێرکۆ بێکەس و حسێن عارف و کاکە مەم بۆتانی و جەمال شارباژێری و جەلال میرزا کەریم و کەمال رەووف محەمەدەوە بڵاوکرایەوە. هەروەها پەیابوونی نەوەیەکی دیکەی شیعری نوێ دوای ئەوان کە ناوی زۆربەیمان هێنا، لەم بەشەشدا بەپەلە دوو نــەوەی دیکەی داهێنانی شیعری کــوردی بە سەر دەکەینەوە، کە زیاتر لە ناوچەی هەولێرەوە سەرچاوەی گرتووە، دواتریش هەندێ ناوی دیکە لەسلێمانی وکەرکوک ..

لە قۆناغی پێش راپەرین: زیاتر ئەوانەی بە شیعری تەلیعی (پێشرەو) ناویان دەرکرد، لەوانە ئەنوەر مەسیفی، دلشاد عەبدوڵا، سەباح رەنجدەر، هاشم سەراج و حەمە باوەکر، عەباس عەبدوڵا یوسف، لەگەل ئەوانەشدا جەلال بەرزنجی کە بە دیوانی (سەمای بەفری ئێواران) شاعیریەتی خۆی راگەیاند, بەم دواییەش کۆمەڵە شیعری (ناوم بێنن ماڵەوە)ی بەچاپ گەیاند. بەڵام کەریم دەشتی و نەوزاد رفعەت وفەرید زامدار و ئیسماعیل بەرزنجی ودکتۆر فەرهاد پیرباڵ وهەندرێن کە ئەمیان ئیستا لە سوید دەژی و ئازاد سوبحی و دانای سەعید سۆفی و تەڵعەت تاهیر وعەبدل موتەڵیب عەبدوڵا وئیدریس شەیداهۆ، ئەزموونێکی جیاوازترن، دەشێ لە دووتۆی ئەم ناوانەدا ناوی دیکە هەبن، بەلام هەر وەکو نەیزەکی پرتاو هەڵدەبن و دەکوژێنەوە، یان ئەوەتا کز دەسووتێن، گەرچی لە هەندرانیش شاعیرمان هەن و ناوەکان زۆرن کە لەم باسە کورتەدا جیێ هەموویان نابێتەوە..

دواتــر ئەزموونێکی تر لە دەشتی کۆیەوە سەرهەڵدەدات، ئەویش ئەزموونی (قوبادی جەلی زادە)یە، کە شێرکۆ بێکەس بە دیارترین دەنگی شیعری هاوچەرخی کــوردی لەقەڵەم دەدات، قوباد زیاتر لە ساڵی ١٩٨٨ بە کۆمەڵە شیعری (قەڵەمێکی ردێن سپی) ئەزموونی خۆی راگەیاند، دواتریش کۆمەڵە شیعری (تەمتومان)١٩٩٠، پاشان دیوانی (هەمیشە روو لە خودا، هەمیشە مەست) ٢٠٠١ ، ئەنجا (شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات) ٢٠٠٥.. دواجاریش لە بەرگێکی تەواودا سەرجەم ئەزموونی شیعری خۆی کە پانتاییەکەی دەکاتە نزیکەی بیست ساڵ چاپکرد. لە ساڵی ٢٠٠٧ بە قەبارەی (٧٦٠) لاپەرە ، بە ناونیشانی (شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات). دەتوانین بڵێین لە هەردوو دیوانی (قەڵەمێکی ردێن سپی) و (تەمتومان) ئەزموونەکەی لەگەڵ ئەمانەدا جیاوازیەکی ئەوتۆی نەبێ، بەلام دواتر ئەزموونەکەی جیا بووەوە لێیان بەرەو ئاستێکی دیارتر هەنگاوی ناو، شەقڵێی دیار ونوێ تری وەرگرتووە .بابەتە سەرەکیەکانی بابەتی ئیرۆتیکی و مەسەلەی شەهیدی زیاتر گرتە خۆ. بۆیە قوبادی جەلی زادە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، ودەیەی یەکەمی دوو هەزاردا بووە دەنگێکی راچەنیو وجودا و کەس ناتوانێ پەراوێزی بکات. ئەگەریش بەدەستی ئەنقەست بێت. دواتر لە دەشتی گەرمیانی کەرکوکەوە، هەر هاوزەمان لەگەڵ قوبادی جەلی زادە،(ئەحمەدی مەلا)، کە لە ناوەراستی هەشتاکانی سەدەی رابردوو ئەزموونی خۆی بە دیوانی (زەردک)، کە ناوی گوندەکەی خۆیەتی لە ناوچەی شوان ناساند و وەکو دەنگێگی راچەڵەکێنەری شیعری هاوچەرخی کوردی دەرکەوت. دواجاریش قەسیدە درێژەکەی (ئاقیقی زر)،کە بەندە کردوویە بە عەرەبی.

هەر لەو سەردەمە کۆمەڵێ دەنگی شیعری لە سلێمانیش هەبوون کە شایانی ئاوردانەوەی رەخنە و لە سەر وەستانن، وەکو: سەلاح محەمەد و فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، عوسمان شەیدا، محەمەد ئەمین پێنجوێنی‌و محەمەد عومەر عوسمان، کە بە دیوانە تاقانەکەی (لەغوربەتا) لە ساڵی ١٩٨٥ دەرچوو خۆی راگەیاند،هەر منیش لە ساڵی ١٩٨٨ لە رۆژنامەی (هاوکاری) یەکەم کەس بووم لە سەرم نووسی ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم! کە وتومە: (لێرەدا من ناڵێم محەمەد عومەر عوسمان، دەنگێکی دلێرە، بگرە دەنگێکی مژدەبەرە، ئەوەی لێ چاوەروان دەکرێ ببێتە دەنگێکی دلێرو ئاوەرۆێکی نوێتر بۆ خۆی هەڵکەنێ لە کاروانی نوێخوازی شیعری کوردیدا).

ئینجا جەمال غەمبار و دلاوەر قەرەداغی و عەبدلقادر سەرچناری وکەژاڵ ئەحمەد وئەرخەوان وشیرین .ک و ڤینۆس فایق‌و بەرزان هەستیار وعەباس ساڵح عەبدوڵا وسابیر سدیق. کە ئەمانە پێش راپەرین بوون. گەرچی دوای راپەرینش کۆمەڵێ دەنگی شیعری پەیدابوون لە سلێمانی لە نێر ومێ، هەرە دیارەکانیشیان ئەمانەن: ئیسماعیل خورماڵی، بەختیار عەلی، کەپیش راپەرین زیاتر بابەتی رەخنەیی بلاو دەکردەوەو دوای راپەرینیش دیوانی (گوناە وکەرنەڤاڵ)ی دەرکرد .ئینجا هێمن حەمە جەزا وئارام ئیسماعیل و حەمە عەلی خان ،گەرچی زیاتر ئەم هونەرمەندە و هەندێ جاریش قەسیدەی جوان دەنووسێت، هەروەها ئاوات حەسەن ئەمین وعیرفان ئەحمەدو سەلاحە رەش و فەریدون پێنجوێنی و ئیدریس عەلی و ئەنوەر حسێن و دلسۆز حەمە و کۆسار کەمال و رۆژ هەڵەبجەیی و کەژاڵ ئیبراهیم خدر و ماردین ئیبراهیم و لازۆ و ترێ مەحموود و بەهار مەحموود و لەکەرکوکیش مارف عومەر گوڵ و دانا عەسکەر و بورهان محەمەد و گولالە نوری وزۆری تر کە ناوەکانیانم لەیاد نیەو داوای لێبووردن دەکەم ،هەروەکو لەمەوبەر وتم ئەم نووسینە ئەنتۆلۆژیای شیعری کوردی نییە تا هەموو ناوەکان ریز بکەم. ناوەکانیش ئەوەندە زۆرن دەبێ خەرمان بەرەکەت بکەین.

### تۆ مەچۆ بۆ شەڕ

ئەکتافیۆ پاز، دەڵێ: (ئەگەر قەسیدە جەژنێکی پێ بێت، کەواتە خۆی بەرامبەر وەرزەکان رادە گرێت، لەو شوێنانەی کەس بۆیان ناچن، جەژنی ژێر زەوی. بەلام چالاکی شیعریی دۆزینەوەی هەموو کاولکاریە دێرینەکان بەم سرقاییمیە تووندە دووبارە دەکاتەوە، کە تێرە لە شەهوانیەت، ئەو تەحەدایەکە بۆ قەدەغەکردن و هیچی دی، ریسواکردنە بەو پێیەی بەراشکاوی مل کەچی یاسا نیە، ئەو شیعرەی تا دوێنێ داواکراو بوو هەوای دەرەوە هەڵمژێت بۆ بەشداربوونی گەردوونی، بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی ببێتە دوعاو نووشتەیەک تا لە جادووی هێزو ژمارەکان بمانپارێزێ..).

بوونی شەر لە شیعری کوردی تازە نیە و وەک بابەتێکی کارەساتاوی بەکار براوە، ئەو دەمەی (مەلا حەمدوون) باسی جەنگی جیهانی یەکەمی کردوە، کەس وەکو ئەو وەکو کابرایێکی کوێر هیچ چاوساغێک ئاوها ناتوانێ باسی شەر بکات. شەر وەکو ماڵوێرانیەکی دژ بە پانتایی شیعر دەوەستێ، گەرچی لە شیعری کوردی کەم بەکار هاتووە، سەرەرای ئەوەش شەر بووە بابەتێکی زیندوو تارادەیەک، شەری دووەمی جیهانی دەیان دیوانە شیعری جیهانی بە هەموو زمانەکانی دنیا هێنایە بەرهەم، بەتایبەتی لە شیعری نوێی ئەمریکی، هەروەها شیعری ئینگلیزی (جورج ماکبس) دیارترین شاعیری جەنگی جیهانی دووەمە لە (چوارینەکانی جەنگ)و جێمس شیڤڵ لە (شیوەنەکانی ستالینگراد) و ولفرید ئەوین وکەیس دوگلاس وزۆری دیکە، هەروەها شیعری نوێی رووسی و فەرەنسی و ئیتالی، بەتایبەتی ئەو ولاتانەی ئەو جەنگە یەخەی پێ گرتن ،دواجاریش شیعری عەرەبی عێراق لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابــردوو، واتا ساڵانی جەنگی عێراق ئێران. لەم ساڵانەی دواییەش لە شیعری کوردیدا بەشێوەیەکی بەرچاو پەیابوو، بە تایبەتی کاتی سەردەمی شەری ناوخۆی کوردستان. زیاتریش لەلای ( قوبادی جەلی زادە)، کە زۆر لە شیعرەکانی لە بابەتی شەرەوەن، وەکو: (بەرلەوەی گوڵ بچێ بۆ شەر)، (مەمکەکانی تفەنگ)، (فیشەکی رەحمەت)، (عەردی حەرام) و زۆر شیعری دیکەی بۆنی شەریان لێ دێت و لە کارەساتی شەر دەدوێن. بۆ نموونە لە شیعری (بەر لەوەی گوڵ بچێ بۆ شەر)دا دەڵێ:

ئەو..ئەو

لە سەنگەرێکی (دوژمن)دا لاشەیەک، هێشتا گەرم

*رادیۆکەی بۆ من*
*نارنجۆکەکەی بۆ ئەو*
*قەمسەلەکەی بۆ ئەو*
*چەکەکەی بۆ شۆرش*
*تەرمەکەی بۆ سەگ.*

(ماردین ئیبراهیم)یش کە شەر هەڵگیرسێ دڵی دەزگیرانەکەی وەک زەنگێک بەکڵیسایەکەوە دادەکوتێ بۆ ئەوەی نەچێت بۆ شەر، ئەو وەکو پیاو شەر بە ئیشی خۆی دەزانێ، چونکی شەر هەر لە سەرەتاوە نێرینە دروستی کردوە، دەزانــێ شەر قرکردن و ماڵوێرانیە، کۆسکەوتنە، ئەو نایەوێ ئەوەی کە دەیدوێنێ بچێت بۆ شەر، چونکی شەر تەرو وشک دەسووتێنێ، هیچ لە دوای خۆیەوە جێناهێڵێ، دەیەوێ دوای لەناوچوونی ئەو کەسێک هەبێت دەست بەسەر هەورەکاندا بێنێ و نازی پشیلەکان هەڵبگرێ، ئەو چونکی شەر وەکو پیاو دەسکردی خۆیەتی وجوانی دەکوژێت، بۆیە دەیەوێ لەجوانی بێ بەش بێت و با لەدوای خۆیەوە کەسێک هەبێت سەیری هەورەکان بکات. ئەو پیاوێکی بەدخووە هەر کە شەر هەڵگیرسا دەچێت بۆ شەر، ئەم وەکو هێزی شەر دەزانێ کاتی هەڵگیرسانی شەر کەس ئاگای لەکەس نامێنێت، رقی لە مناڵی خەوتووی ناو جۆلانەیە، ئەو خۆی بە میراتگەری شەر دەزانێ و ئەو شەرە تەواو دەکات کە باو باپیرانی هەڵیانگیرساندوە، ئەو دەیەوێ هەموو شتێ لەکاتی جەنگدا شاراوە بێت:

*رۆژێک دێت کەس ئاگای لە کەس نامێنێت*
*من پەست دەبم بە مناڵی خەوتووی ناو جۆلانەکان*
*کە شەر هەڵگیرسا تۆ لە یادمکە*
*بە کەس مەڵێ تۆفانێک لەناومندایە ژێر نابێتەوە*
*.....*
*پەنگرەکانی فیتنە دەکەشێنمەوە*
*شەر دەبەمە ماڵی دۆستەکانم*
*......*
*جەنگێکی گەورە دەقەومێت*
*خزمەکانم لەسەر کوشتنی دیلەکان دەبێتە شەریان*
*.....*

ئەو دەزانــێ جەنگ نەعلەتێکی گــەورەی مرۆڤە و لێ نابێتەوە، هەر لە سەرەتای شەرە ئەفسانەییەکەی قابیل وهابیلەوە بەردەوامە، ئەو وەکو دەسەلاتی نێر شەر دەسپێرێتە خۆی و نایەوێ ئەویدیکە، یان خۆشەوسیتەکەی لــــەم شەرەدا بەشدار بێت، هەموو شتێک ناخۆش بێت دەیکا، گەشانەوەی پەنگری فیتنە و کوشتنی دیلەکان، ئەو جەنگە دەقەومێت وەکو هەموو جەنگە سەرەتاییەکانی دیکە. ولات پر دەبێ لە پەیکەری ناپاکان، نایەوێ دەزگیرانەکەی بچێ بۆ شەر ،دەیەوێ کەسێک هەبێت دوای کوژرانی ئەوی بیرکەوێتەوە و دەست بە سەر هەورەکاندا بێنێ ونازی پشیلەکان هەڵبگرێت، ئەستێرەکان بژمێرێ، واتا هەرچی پێچەوانەی شەرە ئەو بیکات، ئەگەر هەموو پێکەوە بچن بۆ شەر کێ گوڵی سەر گۆرەکان ئاو دەدات و کێ هەورەکان باوەشێن بکات. دەزگیرانەکەی هێمای بێ تاوانی و بێ وەیی و رۆح سووکییە، ئەو خەریکی ئاودانی ئینجانەکانە، شەبەنگێکی نوور لەدەورێتی، بەلام خۆی قافلەیەک لە پیاوکوژانی خوێنتاڵ وان بەدوایەوە. هەرچەنێ ئەم شیعرە ئەزموونی لاوێکی دوای راپەرینە. یەکێکە لە قەسیدە تازە جوانەکانی دوای راپەرین، یان چاکتر وایە بڵێین شیعری کوردی لە هەزارەی سێیەمدا.

*دوای شەریش*
*دوای ئەوەی لافاو فانۆس و بەلەمەکان دەبات*
*دوای ئەوەی ئاگر دەستنووسە گرانبەهاکان دەسوتێنێت*
*من لە زیندانێکدا پۆلەرم دەکەم*
*لە بەندیوانەکان دەپارێمەوە*
*چا وجگەرەم بۆ بێنن*
*کە شەر تەواو بوو ،*
*یان لە خەستەخانەیەکدا بە زەلیلی دەمرم*
*یان دەچمەوە گوندەکەی خۆمان*
*باسی ئەو رۆژانە دەکەم*
*کە شەرێکی گەورە لە شار قەومابوو.*

لێرەدا شاعیر باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئەو شەرانەی کردمان ئێمەی گــۆری، ئەمەیان حەقیقەتێکە کەم کەسی هونەرمەندێ باسی لێوە کردوە، لەوانەیە شیعری رۆژئاواش بە رووکەشیەوە باسی بەرەکانی جەنگی کردبێ، وێنەکانی وەکو خۆی گواستبێتەوە:

*ئیتر ناڵێین ئەم هەموو تەرم چۆن بنێژین؟*
*دەگەرێینەوە ئەسپی بەرکاران ناڵدەکەین*
*باسی ئەو دیاریانەی دەستگیرانەتی ناکەین کە لێمان دزرا*
*دەگەرێینەوە خەنە دەگرینەوە بۆ پەنجەی خائینان..*

بە جوانی وەکو کەسێکی هونەرمەند باسی قێزەوەنی شەر دەکــات، کە چۆن شەر هەموو ئەخلاقیەتێک دە گۆرێ بەرەرو وەحشەتگەریی:

*باسی ئەو تفانە ناکەین کە بە تەوێڵی ژنەکانەوەن*
*وەک سەگی قوراوی دەگەرێینەوە*
*وەک داڵە کەرخۆرە ئێوارەی گەرەک پردەکەین لە شوومی*
*دەگەرێینەوە و دوعای خێر بوگەس ناکەین.*

دەمێنێتەوە بڵێین ئەم ئەزموونەی (ماردین ئیبراهیم) یەکیکە لە هەوڵە جوانەکان بۆ نووسینی قەسیدەی جوانی کوردی لە هەزارەی سێیەمدا هیواداریین کەسانی وەکو خۆی زۆر بن.